وەزارەتی خوێندنی باڵا

زانکۆی سەلاحەددین

کۆلێژی زمان

# PHONETICS

# فۆنەتیک

مامۆستای بابەت

## هەژار قادر اسماعیل

## ساڵی خوێندنی

## 2023 -2022

**دەنگسازی :** ئەو لقەی ئاستی زمانە لە دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە بە هەردوو لایەنی گشتی ( فۆنەتیک ) و تایبەتیەکەی ( فۆنۆلۆجی ) .

## فۆنەتیک Phonetics[1] :

ئەو لقەی دەنگسازییە کە بە شێوەیەکی زانستی لە دەنگەکانی زمانی مرۆڤ بە گشتی دەکۆلێتەوە, لە رووی چۆنیەتی دروست بوونی دەنگ و چۆنیەتی جولانەوە و بەشداریکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن و رۆیشتنی دەنگەکان و شەپۆڵەکان دەنگ و پۆلکردنی دەنگەکانی زمانی مرۆڤ .

فۆنەتیک لە رووی زاراوەوە لە دوو بەش پێکدێت ( فۆن Phon ) کە بچووکترین دەنگە لای مرۆڤ , وە ( ۆتیک etic ) پاشگرێکە مەبەستی زانست دەگەیەنێت .

فۆنەتیک چوار لقی سەرەکی لە خۆ دەگرێ :

**أ/ فۆنەتیکی درکاندن :** ئەو لقەیە لە چۆنیەتی جولأنەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکۆلێ‌تەوە لە دروستکردنی دەنگدا .

**ب/ فۆ نەتیکی فیزیـ کی :** ئەو لقە یە لە رووی فیزیک یەوە لە دەذ گەکانی ز مانی مرۆڤ دەکۆلێتەوە , بە جۆرێك چۆنیەتی رۆیشتنی دە نگ بە هەوادا و درو ست بوونی شەپۆڵی دە نگ وچۆنیەتی شی بوونەوەی ئەو شەپۆلانە دەخاتە روو .

**ج/ فۆنەتیکی بیستن :** ئەو لـ قە باس لە کۆئە ندامی بیـستن دە کات , ئەویش لە چۆنیەتی وەرگرتنی دەنگ دەکۆڵێتەوە لە لایەن گوێگرەوە .

**د/ فۆنەتیکی تاقیگەیی ( ئامێری ):** لەم لقەدا دە نگ لە تاقیـگەدا لـێی دەکۆلرێـتەوە بۆ گەیشتن بە ووردەکارییەکانی دەنگ , کە لە لقەکانی پێشوو باسیان لێوەکرابوو .

---

[1] - فۆنۆلۆجی Phonology : ئەو لقەی دەنگسازییە لە دەنگەکانی زمانی مرۆڤ دەکۆلێتەوە , لە زمانێکی دیاریکراو , بە مەبەستی دیاریکردنی یاساکانی چوونە پالْ یەکی دەنگەکان , کاریگەریان لە سەر یەکتر .

وەك ئاشكرايە دەنگ لە شێوەی شەپۆلدایە , بە هۆی جولانەوەی هەواوە دروست دەبێت , ئەویش بەهۆی جولانەوەی یەكەم كۆمەڵەی ئەو گەردیلانەی هەوا دەست پێدەكات كە لە نزیك لێوەكانە . ئینجا كۆمەڵەی یەكەمی گەردیلەكان كۆمەڵەی دووەم دەجولێنێت , دووەم هی سێیەم و سێیەم هی چوارەم .....هتد بەم شێوەیە دەنگەكان لە شێوەی شەپۆلّ تا ماوەیەكی تایبەت دەرۆن و دە چنە گوێی ئەو كەسانەی كە لە سنووری رادەی رۆیشتنی ئەم شەپۆلانەدان . وە ئەگەر نەگەیشتنە گوێگرێك , ئەوا بە هەوادا پەرت دەبن و نامێنن .

**دەنگ :** كۆمەڵە شەپۆلێكە بە هەوادا دەروات , خێرای رۆیشتنی ئەم كۆمەڵە شەپۆڵەی كە دەنگ پێكدێنن نزیكەی (1100) پیێ یە لە چركەیەكدا.
شەپۆڵەكانی دەنگیش بە هۆی لەرینەوەی تەنەكانە بە شێوەیەكی رێك و پێك وەك دولكەی سازدەر , یا لە ئەنجامی لەرینەوەی نا رێكە وەك هەورەگرمە و دەنگی تە قە و خلۆر بوونەوەی تە نەكان و ژاوەژاوی مرۆڤ ....هتد . جگە لە مەش شەپۆڵەكان یا سادەن یا ئاڵۆز , وەك دەنگی مرۆڤ لە ئاخاوتنی ئاساییدا شوپۆڵەكانی ئاڵۆزە. ئەم شەپۆلانەش سادە بن یا ئاڵۆز بە خول دەرۆن و دەگەرێنەوە .
رادەی بیستنی گوێی مرۆڤ بە پێی بەرزی و نزمی رادەی لەرینەوەی دەنگە , بە مەش خولی هەر دەنگێك كەمتر بوو لە 20 خول لە چركەیەكدا ئەوا گویێ بە باشی نایبیستیێ . وە ئەگەر زیاترش بوو لە 20000 خول لە چركەیدا , ئەوا ئەو دەنگە بە جۆرێك بەرزە ,كە گوێی مرۆڤ ناتوانیێ بە باشی بیبیستیێ . واتا گوێی مرۆڤی ئاسایی ئەم دەنگە بە باشی دەبیستیێ كە لە نێوان 20 □ 20000 خولە لە چركەیەكدا . ئەم پێوەرە لە كەسانی گەنج و بەساڵاچوان جیاوازە .جگە لەپیوەرە كە لای گیانلەبەرانیش جیاوازە.هەر وەك فیل دەتوانێت ئەو دەنگانە ببیستیێ كە لەرەلەركانیان لە 20 خول/ چركە كەمترە , وە سەگ و ئەسپ و شەمشەمەكوێرە دەتوانێت ئەو دەنگانە ببیستیێ كە لەرەلەركانیان لە 20000 خول/ چركە زیاترە.
جگە لەمەش هەر تەنێكیش لەرینەوەی تایبەت بە خۆی هەیە , كە بەندە بە قورسی و ئەستوری و بۆشایی ئەو تەنە , بە جۆرێك رادەی لەرینەوەی كار دەكاتە سەر بەرزی و نزمی ئاوازی لەرینەوەی تەنەكە . وەك : ئەگەر رادەی لەرینەوەی تەنێك بەرزبوو ئەوا ئاوازی بەرز دەبێت . وە ئەگەر رادەی لەرینەوەی تەنێك نزمبوو ئەوا ئاوازی نزم دەبێت .
بە گشتی تەنە قورس و ئەستوورەكان رادەی لەرینەوەیان نزمترە لە تەنە سووك و باریكەكان .....
.

## ئەندامەکانی ئاخاوتن :




1= لێوی سەرەوە

2= لێوی خوارەوە

3= ددانی سەرەوە

4= ددانی خوارەوە

5= پووك

6= مەلاشوی رەق

7= مەلاشوی نەرم

8= زمانۆکە

9= نوکی زمان

10=پێشەوەی زمان

11= ناوەڕاستی زمان

12=دواوەی زمان

13= رەگی زمان

14= پشت مەلاشو

15= زمانەی مزماری

16= دەنگە ژێیەکان

17= لووت

18= بۆشایی زار ( دەم )

19= قورگ

20= بۆری هەوا

## ناو پەنچك :

ئەو پەردە ماسولکەییەیە کە سی یەکان و سنگ لە یەکتر جیادەکا تەوە , بە گرژبوونی , بەرەو خوارەوەو پێشەوە شۆڕدەبێتەوە , بەمەش قەفەزەی سینگ فراوان دەبێت و زۆرترین بڕی هەوا دەچێتە ناو سی یەکان ( هەنا سە وەرگرتن ) . کاتێکیش خاو دەبێتەوە , وا تا دە چێتەوە باری پێشووی خۆی, قەفەزەی سینگ دەگەرێتەوە باری پێشووی و هەوای ناو سی یەکان دەردە چێت ( هەناسە دانەوە ) .بە دووبارە بوونەوەی ئەم کردارە کرداری هەناسە بەرێوەدەچێت .

## سی یەکان :

رۆلێکی سەرەکی هەیە لە دروستکردنی دەنگ ئەویش لە رێگای هەناسەدانەوە , بە هۆی ئەو تەوژمە هەوا یەی کە لە سی یەکا نەوە دەردە چێت , تەوژمە کەش لە پ شت مەلا شو و زار و لووت بە سەربەستی یا بە نا سەربەستی دەنگەکان دروست دەکات . شایانی باسە هەموو دەنگەکانی زمانی مرۆڤ لە رێگای ئەو هەوایەوە دروست دە بیٚ کە لە سی یەکا نەوە دەردە چێت , تەنها لە هە ندیٚ زماندا نەبیٚ کە چەند دەنگێکی کەم لە رێگای هەنا سە وەرگرتنەوە درو ست دە بیٚ . وەك زمانی جۆرجی و روسی .

## ماسولکەکانی نێوان پەراسوەکان :

رۆلیان هەیە لە قەوارەی بۆ شایی قە فەزەی سینگ , بە هۆی گرژبون و خاوبو نەوەیان . ئە گەر پەراسوەکان گرژبوون ئەوا قەوارەی قەفەزەی سینگ فراوان دەبێت و زۆرتین بڕی هەوا دەچێتە ناو سی یەکانەوە . بە خاوبونەوەشیان قەوارەی قەفەزەی سینگ بچوك دەبێتەوە و هەوای ناو سی یەکان دەچێتە دەرەوە . بەم کردارە کۆنترۆلی کورتی و درێژی کۆمە لەی قسەدەکات . لە مەوە دەردەکەوێت کە قسەکردن پەیوەستە بە هەناسەدانەوە .

## بۆڕهەوا :

بۆڕی یەکی کرکراگەیی یە , دەکەوێتە نێوان سی یەکان و قوڕگەوە , رێڕەوێکە بۆ دەرچوونی هەوای سی یەکان بۆ قورگ و زار .

## قوڕگ :

رێڕەوێکی کرکڕاگەیی ئەلقە ئەلقەیی یە دەکەوێتە بەشی هەرە سەرەوەی بۆڕی هەوا , چوار بەشە :

= بنکە : ئێسقانێکی کرکڕاگەیی خڕە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی قورگ .

= سێوە ئادەم : ئێسقانێکی کرکڕاگەیی یە بۆ لای دەرەوەو پێشەوە دەرپەریوە .

= ژێ یەکانی : دوو دە ستە ما سولکەی بەراز بەر یەکی نەرمی ئی سفەنجین , لە بە شی سەرەوە و پێشەوەی نزیك یەکن ( لای سێوە ئادەم ) , وە لە بەشی دواوەی لە بەراز بەر یەکتر دەکرێنەوەو دادەخرێن .

ئەم دوو دەستە ماسولکەیە بە ئێسقانی لولەی قوڕگەوە بە ندن , بە هۆی جولانەوەی ئێسقانی لولەی قورگەوە, دەکرێنەوەو دادەخرێن .

= بۆشایی مزمار : ئەم بۆشایی یە دەکەوێتە نێوان هەردوو ژێ یەکانی قورگ , ئەمیش بە گوێرەی سرو شتی دەنگەکان دەگۆڕێت , وەك: لە دەنگە ژێدارەکان ئەم رێڕەوە کراوە دەبێت , بە

پێچەوانەوە لە دەنگە بێ ژێیەکان ئەم ڕێرەوە لە باری کراوەیی و داخراوە بەردەوام دا دەبێت . خۆ ئەگەر دەنگێکی وەك هەراو هۆریاو ژاوەژاو بوو ئەوا, ڕێرەوەکە تەنگ دەبێتەوە . ئەمە جگە لەوەی لە دەنگی همزەدا ئەم بۆشاییە بە تەواوی دێتەوە یەك .

## بۆشایی زار و لووت :

لە سەرەوەی قورگەوە دە ست پ ێدەکات تا دەگا تە هەردوو لێوە کان . لێوە کان هەمان ڕۆڵی ژێیەکانی قورگ دەبینن کە لە بۆشایی قورگدا ڕێگا لە هەوا دەگرن , بەڵام لێوەکان لە بۆشایی زاردا ڕێگا لە تەوژمی هەوا دەگرێت و دەبێتە زمانەیەك بۆ داخستنی زار .

ڕادەی بۆشایی زار بە پێی جولەی زمان دەگۆڕێت , چونکە زمان بەشێکی زۆری بۆشایی زاری داگیر کردووە . کە لە قسەکردندا بە شێوەیەکی زۆر چالاك لە بۆ شایی زاردا بەرز و نزم دەبێ تەوە و لەنگەر دەگرێت . بە گشتی زمان بەرپرسە بەرانبەر درکاندنی هەموو ڤاوڵەکان .وە هەروەها ڕۆڵێکی گرنگیشی هەیە لە درکاندنی کۆنسنانتەکان .

## سەقفی زار ( ئاسمانی دەم ):

سەقفی زار لە دوای ددا نەکانی سەرەوەدە ست پ ێدەکات , لەپا شان پووك و مەلا شوی ڕەق و مەلاشوی نەرم . مەلاشوی نەرم ڕۆڵی هەیە دەنگە زاریی یەکان ئەویش بە بەرزبوو نەوەی مەلا شوی نەرم , کە دەروازەی لووت دادەخات نایەڵێ هەوا بە لوو تدا بچێتە دەرەوە , ئەم دەنگا نەی بەم شێوەیە دروست دەبێ پێیان دەوترێت ( دەنگە زاریەکان ). وەك دەنگی [ ب , پ , ك , خ , ر , س ..... ] وە لە کاتی نزم بوو نەوەی مەلا شوی نەرم دەروازەی زار دادەخر ێت و هەوا لە دەم نا چێتە جەرەوە , بە مەش ر ێڕوی لووت دەکرێ تەوە هەوا کە بە لوو تدا دە چێتە دەرەوە . ئەم دەنگانەی بەم شێوەیە دروست دەبێ پێیان دەوترێت ( دەنگە لووتییەکان ).

## پۆل كردنی كۆنسنانتەكانی زمانی كوردی :

ڕێزماننووسە كوردەكان هەوڵێكی زۆریان داوە بۆ خستنە ڕووی سیماو سیفەتەكانی كۆنسنانتەكان ، بنچینەی ئەم هەولأنەش بۆ مامۆستای خوالێخۆشبوو ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەگەڕێتەوە ، بۆ ئەمەش لەسەر (پێنج) بنەما پۆل دەكرێن بەم شێوەیە:

- بەپێی هەڵوێستی ژێیەكانی قوڕگ.
- بەپێی گۆبێژی بزێو .
- بەپێی چۆنیەتی دركاندن.
- شوێنی دركاندن (سازگە).
- بەپێی دەروازەی دەرباز بوونی هەوا.

## = بەپێی هەڵوێستی ژێیەكانی قورگ :

ئەم پۆل كردنە یەكەم پۆل كردنی كۆنسنانتەكانە ، ئەویش ڕیزكردنی دەنگەكانە بەپێی بار (حالە)ی دەنگە ژێیەكان ، یا ئەوەتا دەنگە ژێیەكان دەلەرنەوە یا نالەرنەوە بەمەش كۆنسنانتەكان چوار بار وەردەگرن .

### 1/ باری كراوەیی و داخراوی بەردەوام ( ژێداری):

ئەم بارە لەئەنجامی ئەم لەرینەوە ڕێك و پێكەی ژێیەكان دەدركێنرێت ، پێی دەوترێت (دەنگی ژێدار ) voiced ئەم دەنگانەش ئەمانەن/ب، د ،م ، ن، گ،,ز ، ژ ، ع ، غ ، ل ، ر ، ڕ ، ڤ ،(و،ی)/[یر]

### 2/ باری كراوەیی ( بیَ ژێیی):

ئەم دەنگەی لەم بارەدا دروست دەبیَ پێی دەوترێت (دەنگی بیَ ژێ)voiceless دەنگە بیَ ژێ یەكان ئەمانەن /پ،ت ، ك،چ،ف،خ،س،ش،ھ،ح،ق/

### 3/ هەڵوێستی تەنگ بوونەوە :

ئەمەش لە باری قسەكردنی بە چرپە , كە ڕێڕەوی نێوان ژێیەكان تەنگ دەبێتەوە .

### 4/ باری داخراوی تەواو :

وەك لە كاتی دروست بوونی دەنگی هەمزە .

---

[2]- كاتێك (و، ی  w,y ) وەكو ئەركی كۆنسنانت دەبینن لەگەڵ كۆنسنانتە ژێدارەكان هەژمار دەكرێن.

## - بەپێی گۆبێژی بزێو :

کاتێك باس لەگۆبێژە بزێوەکان دەکەین ، مەبەست ئەو ئەندامە بەشدار بوانەیە کەچالاکانە دەجولێن لەدروست بوونی دەنگەکان . ئەم ئەندامە بزێوانەش زمان و لێوەکان دەگرێتەوە .بەم پێیەش کۆنسنانتەکان دابەش دەکرێن بەسەر لێوەکی و زمانەکی .

## لێوەکیەکان

**أ– لێوی خوارەوە.**

لێوی خوارەوە لەگەڵ چەنەگەی خوارەوە دەجولێت و لەلێوی سەرەوە گیر دەبێت و یان لێی نزیك دەبێتەوە ، یان لەشوێنی خۆی دەبزوێت ، لێوی خوارەوە چەند چالاکیەکی هەیە لەکردەی دەربڕیندا .

ـــ دەگاتە لێوی سەرەوە لێی گیردەبێت وەك لەدەنگی (ب،پ،م – b,p,m )

ـــ لەددانەکانی سەرەوە گیر دەبیٚ وەك لەم دەنگانە (ف،ڤ  f,v)

ـــ بە هاوکاری لێوی سەرەوە خڕ دەبێتەوە وەك لەدەنگی (و،وو،ۆ  w,ú,o)

ـــ داماڵینی سیمای خڕبوونەوە ، واتە پەرت بوونی لێوەکان وەك لەدەنگی (ی – y)

**ب–لێوی سەرەوە .**

هەرچەندە کەزمانەوانان پێیان وایە کەلێوی سەرەوە هیچ ئەرکێکی نیە لەدروست کردنی دەنگەکان ، چونکە بەندە بەشەویلاگی سەرەوە ، کەئەندامێکی گۆکردنی چەسپاوە لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیٚ هەمان ئەرکەکانی لێوی خوارەوە جیٚ بەجیٚ بکات , تەنها ئەوەنەبیٚ کەناتوانیٚ وەك لێوی خوارە بەر ددانەکانی سەرەوە بکەویٚ .

## ( زمانەکییەکان ) lingual:

زمان وەك ئەندامێکی بزێوی ئاخاوتن , ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دەربڕینی دەنگەکانی زمان , دەکرێت بە پێنج بەشی سەرەکی .

1. نووکی زمان tip
2. پێشەوەی زمان blade
3. ناوەراستی زمان front
4. دواوەی زمان back
5. ڕەگی زمان root

**1/ نووکی زمان :**

نووکی زمان له دروستکردنی ئەم دەنگانەدا وەك گۆبێژێکی بزێو، ڕۆڵی هەیە / ت، د، ر ، ن، ڕ/ بەوەی کەنوکی زمان لەددان یا پووك یا پووك مەلأشوو نزیك دەبێتەوە ، یا لێی گیر دەبێ . واتا سازگەکانیان لێك نزیکە لەنێوان ددان و پووك و سەرەتای مەلأشووی ڕەق دایە

/ ن , ل / له پوك گیر دەبێ

/ ت , د / له ددانی سەرەوە کیر دەبێ یا پووك ددان

/ ر / له پووك , / ڕ / چەند جارێك له کۆتایی پووك

**2/ پێشەوەی زمان .**

زۆرجار پێشەوەی زمان لەگەڵ مەلأشووی ڕەق، هەندێ دەنگ دروست دەکەن وەك/ ز، س ، ڵ , ی/

/ ز , س / له رەقە مەلأشوو نزیك دەبێتەوە . / ڵ / له پووك .

/ ی کۆنسنانت / له رەقە مەلأشوو.

**3/ کۆنسنانتەکانی ناوەڕاستی زمان :**

ئەو دەنگانه گۆبێژەکەیان ناوەڕاستی زمانه ، کاتێك ناوەڕاستی زمان لەمەلأشوی ڕەق گیر دەبێ یا لێی نزیك دەبێتەوە ، بەمەش هەردوولاکانی زمان لەسەر هەردوو تەنیشته ددانەکان لەنگەر دەگرن ، ڕێڕەوێکی تەنگ دروست دەبێ ، کەتەوژمی هەوای دەرچووی پێدا تێپەڕدەبێ . وەك لەدەنگی/ ژ , ش , چ , ج , ك , گ /

/ ژ , ش / پوکه مەلأشوو ( نزیك دەبێتەوە )

/ چ , ج / پوکه مەلأشوو ( لێی گیردەبێ )

/ ك ,گ / مەلأشووی رەق ( لێی گیردەبێ )

**4/ کۆنسنانتەکانی دواوە (پشتەوە) ی زمان :**

ئەو دەنگانه ئەوکاته دروست دەبن که پشتەوەی زمان لەمەلأشوی نەرم یا زمانۆکه گیر دەبێ یان لێی دەسوێ . وەك دەنگی /خ،غ / له مەلأشووی نەرم و / ق/ له زمانۆکه گیر دەبێ . جگه لەمه له دروستکردنی هەندێ دەنگی قەڵەودا دواوەی زمان له مەلأشووی نەرم گیردەبێت , وەك / ص ,... /

**5/ کۆنسنانتەکانی ڕەگی زمان :**

ئەمانەش لەگیر بوونی یا سوانی ڕەگی زمان لەدیواری پشتەوەی مەلأشوو دروست دەبن وەك دەنگەکانی / ع،ح /

## مەڵوێستەکانی زمان لە کردەوەی گۆکردندا :

یەك / داخستنی تەواوی ڕێڕۆی تەوژمی هەوا وەك لە دەربڕینی ( ت , د , گ , ك )

دوو/ داخستنی ناتەواوی ڕێڕۆی تەوژمی هەوا وەك لە دەربڕینی ( س , ز , ژ ) هەواکە لە زارەوە دەردەچێت .

سێ/ داخستنی ناتەواوی ڕێڕۆی تەوژمی هەوا وەك لە دەربڕینی ( ن ) بە هۆی ئەوەی نوکی زمان لە پوك گیردەبێت , دەروازەی زار دادەخرێت و هەواکە لە لووتەوە دەردەچێت .

چوار/ کۆنترۆڵکردنی سەربەستانەی ڕێڕەوی هەوا وەك لە دەربڕینی ( وو ) .

پێنج/ داخستنی دووبارەو لەسەریەکی ڕێڕۆی تەوژمی هەوا وەك لە دەربڕینی ( ڕ ) .

شەش/ نزیکبوونەوەی بەشی دواوەی زمان لە مەلاشووی نەرم و بەخشینی سیمای قەڵەوی بە دەنگ , وەك لە ( ڵ )

**__تێبینی:__** بۆ جیاکردنەوەی ژێدارە و بێ ژێیی دەنگ , سەری پەنجەت لەسەر ئێسکی دەرپەریوی قورگت دابنێ و بە درێژی دەنگی / ڤڤڤڤڤڤڤڤڤڤ/ بدرکێنەو لەناکاو دەنگەکە بگۆڕە بە /ففففففففف/ ئینجا هەست دەکەی کە لە / ڤڤڤڤڤڤڤڤڤڤ/دا هەززەیەك هەیە کە لە / فففففففففف/دا نییە . یا هەمان ڕێگە دووبارە بکەوە ئەوجارە ناولەپی دەستت لە سەر ناوەندی سەرت دابنێ و دەنگەکان دووبارە بکەوە .لە/ ڤڤڤڤڤڤڤڤ/ دا هەست بە هەمان هەززەی دەکەی , بەلاّم لە /ففففففففف/دا نا .

**پووك چییە ؟**ئەو بەشە ڕەقەیە کەلەدوای لێوی سەرەوە دێت وددانەکانی سەرەوەی لەسەر ڕواوە .

**مەلاّشوو چییە ؟** ئاسمانی دەم ( زار ) دەگرێتەوە لە سێ بەش پێکهاتووە .

أ/ مەلاّشووی ڕەق

ب / مەلاّشووی نەرم

ج/ زمانۆکە

### أ / مەلاّشووی ڕەق :

دەکەوێتە نێوان پوك و مەلاّشووی نەرم , بەشی پێشەوەی مەلاّشوو پێکدێنێ , بۆیە هەندێ پێی دەڵێن مەلاّشووی پێشەوە , بەوە لە بەشەکانی تری مەلاّشوو جیادەکرێتەوە کە تا ڕادەیەك ڕقترە لە بەشەکانی تر , بۆیە هەندێ پێی دەڵێن مەلاّشووی ڕەق .

## ب / مەلاشووی نەرم :

دەکەوێتە نێوان مەلاشووی رەق و زمانۆکە , , بەشی دواوەی مەلاشوو پێکدێنێ , بۆیە هەندێ پێی دەلێن مەلاشووی دواوە , بەوە لە بەشەکانی تری مەلاشوو جیادەکرێتەوە کە نەرمترە لە بەشەکانی تر , بۆیە پێی دەوترێ مەلاشووی نەرم . وێرای ئەوەی دەبێتە سازگە بۆ هەندێ دەنگی وەك / خ , غ , ..... / , سیمای قەڵەویش بە دەنگ دەبەخشێت , ئەمیش لە ئەنجامی بەرز بوونەوەی دواوەی زمان بەرەو مەلاشووی نەرم , کە پێیان دەوترێ **مەلاشوێنراو** وەك کاتێك ( س ) لە هەندێ وشەی زمانی کوردیدا بە ( ص ) دەردەبڕێت .

دەنگە مەلاشوێنراوەکان سازگەی بنەرەتیان مەلاشوو نییە , بەڵکو سازگەیان شوێنێکی ترە.

مەلاشووی نەرم رۆڵی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی تەوژمی هەوا , ئەگەر بەرز بۆوە ڕێرەوی لووت دادەخات , تەوژمی هەوا بە زاردا دەچێتە دەرەوە و دەنگە زاری یەکان( د , ت , س , ق , ..... ) دروست دەبێ . وە ئەگەر نزم بۆوە ڕێرەوی زار دادەخات , تەوژمی هەوا بە لووتدا دەچێتە دەرەوە و دەنگە لووتی یەکان ( م , ن ) دروست دەبێ .

## ج / زمانۆکە :

ئەندامێکی ماسولکەی گۆشتیە لە دوای مەلاشووی نەرم دێت , بە یارمەتی نەرمە مەلاشوو کاردەکات . دواوەی زمانی لێ گیر دەبێت و دەنگی / ق / ی بێ ژێ دروست دەبێت , جگە لەمە ئەرکی داخستنی ڕێگای هەوایی لە کاتی چوونە ژوورەوەی خواردن .کە ئەمە ئەرکی سەرەکیەتی .

## - بەپێی چۆنیەتی درکاندن :

بەپێی تێپەڕبوونی تەوژمی هەوای دەرچوو لەسیەکان بەنێو ئەندامانی ئاخاوتن ، (حەوت) جۆر کۆنسنانت دەست نیشان دەکەین

### أ- تەقیو Plosive ( وەستاو ):

تەقیوەکان "ئەو دەنگانەن کەپەیدادەبن کاتێك تەوژمی هەوا بۆ ماوەیەکی کورت بەتەواوی ڕێگەی لێدەگیرێت لەکاتی درکاندن دا، ئینجا لەناکاو بەردەدرێت" وێڕای دەربڕینی دەنگەکان لەگەڵ بەرەڵاکردنی تەوژمی هەوا تەقینەوەیەکی سوك هەست پێدەکرێت . وەستاوەکانیش ئەمانەن (پ،ب،ت،د،ك،گ،ق ) لەم دەنگانەدا هەوا لەیەك شوێن ڕێگەی لێ ناگیرێ، واتە لەڕووی سازگەوە جیاوازیان هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەرجوتێکیان سازگەی هاوبەشیان هەیە بۆ نمونە (ب،پ) سازگە یان لێوییە (ت، د) سازگەیان ددانی یە( ك , گ ) سازگەیان مەلاشووە . بەڵام ( ق ) سازگەکەی زمانۆکەیە .

### ب- خشۆکەکان fricatives

" لەدرکاندنی هەندێ لەدەنگە کۆنسنانتەکان ، تەوژمی هەوا زۆر تەگەرەی ( کۆسپی ) جیاواز دێتە ڕێگای ، کە دەبنە هۆی لێکخشاندن . ئەم دەنگانەی بەم شێوەیە دروست دەبن پێیان دەوترێت خشۆکەکان " لەئەنجامی، ئەم لێکخشاندنەش جۆرێك لەتەنگ بوونەوە بەسەر ڕێڕەوی تەوژمی هەوا دادێت ، نەك بەتەواوی بگیرێت . ئەم دەنگانە بریتین لە /ف،ڤ،س،ز،ش،ژ،خ،ع،ح،غ،ه, و , ی/

### ج- لێك دراوەکان AFFricates[3]

ئەم دەنگانە لەدوو دەنگ پێك دێن ، واباشترە بڵێین لە تێکەڵێکی کۆنسنانتەکانە پێك دێت لە تەقیوێك و خشۆکێك , ئەمانەیش بریتین لە (چ ،ج) دەگرێتەوە کە (چ ) پێك هاتووە لەتێکەڵی (ت+ش) وە (ج ) تێکەڵێکە لە (د + ژ ) . هەندێکیش بەم دەنگانە دەڵێن ( نیمچە تەقیو یا نیمچە خشۆك ) .

---

[3] هەندێ بەم دەنگانە دەڵێن نیمچەوگیر یان نیمچەتەقیو .

## د- لووتی (Nasal)

ئەو دەنگانەی کە کۆنسنانتە لوتیەکان پێشان دەدەن دووانن (ن، م ) لەکۆنسنانتە لوتیەکاندا ، نەرمە مەلاشوو نزم دەبێتەوەو هەندێ جار ڕێڕەوی دەم بە لێو دادەخرێت ، وەهەندێ جار بە پووك دادەخرێ ، بەمەش هەموو هەواکە بەڕێڕەوی لووت دا دەچێتە دەرەوە .

میکانیزمیەتی دروستبوونیان بەم شێوەیە .

م : دەروازەی دەرچوونی هەوا لە دەم دادەخرێت , بە هۆی هەردوو لێوەکانەوە , بە مەش مەلاشوی نەرم نزم دەبێتەوە , هەواکە بە دەروازەی لووتدا دەچێتە دەرەوە .

ن : دەروازەی دەرچوونی هەوا لە دەم دادەخرێت , بە هۆی گیر بوونی نووکی زمان لە پووك , بە مەش مەلاشوی نەرم نزم دەبێتەوە , هەواکە بە دەروازەی لووتدا دەچێتە دەرەوە .

## هـ - لازاری (لازمانی) laterals

ئەو دەنگەیە کەلەکاتی درکاندنیدا ، ڕێڕەوی تەوژمی هەوا لادەدات ئەویش بەو هۆیەی کەلەخاڵێکدا دەگیرێت یا تەنگ دەبێتەوە بەمەش هەواکە بەلایەکی زاردا دەردەچێت وەك لە (ل)دا . بەڵام لە ( ڵ ) دا هەوا بە هەردوولای زار دەردەچێت .

## ز- هەژۆکەکان (لەرۆکەکان  لەرزۆك - لەراوە) vibrants

ئەو دەنگانەن کەنوکی زمان یا پێشەوەی زمان چەند جارێك بەخێرایی و لەسەر یەك وەك گۆڕێژێکی بزێو لەپوك گیر دەبێت و دەگەڕێتەوە دواوە , ئەم دنگانەی کە بەم ڕێگەیە دروست دەبن (ڕ،ر ) .

## و- هەڵگەڕاوە .

ئەو دەنگانەن کە نووکی زمان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە مەلاشوو گیر بێت,وەك دەربڕینی ( ڕ ) لە زمانی ئەمریکی وە ( ڕ ) لای هەندێ کوردی خۆمانیش وا دەردەبڕێت , وە ( و ) لە هیندیدا .

## ح- نیمچە کۆنسنانت ( نیمچە ڤاوڵ ) .

لە کوردیدا ژمارەیان دوو دەنگە , ئەمانیش ( و W ) , ( ی y ) . ئەمانە بۆیە بەم ناوە ناونراون چونکە لە دروستبووندا  واتە لە ئاستی فۆنەتیکدا وەك ڤاوڵ دەدرکێنرێن , بۆیە بە ( نیمچە ڤاوڵ ) ناونراوە . بەڵام لە ریزبووندا لە گەڵ دەنگەکانی تردا , واتە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا ( لە رووی ئەرکەوە ) وەك کۆنسنانت رۆڵ دەبینن یا کاردەکەن . بۆیە بە ( نیمچە کۆنسنانت ) ناونراوە . ئەم دەنگانە لە دروستبوونیاندا بە رادەیەکی زۆر کەم کۆسپ دەخرێتە بەردەم ڕێرەوی تەوژمی هەوای دەرچوو , بۆیە وەك کۆنسنانتەکانی تر سازگەیەکی دیاریکراویان نییە .

## – بەپێی شوێنی درکاندن (سازگە) :

لەدەربڕینی هەردەنگێکی کۆنسنانت ، زیاتر لەئەندامێك بەشداری لەدروست کردنیدا دەکەن ، ئەوانیش گۆبێژە چەسپاوەکان و گۆبێژە بزێوەکانن کەلەمەوبەر باسمان کردن .

سازگەش بەواتای شوێنی درکاندن دێت ، ئەوشوێنە دەگرێتەوە کەتیایدا گۆبێژی بزێو بەر گۆبێژە چەسپیوەکە دەکەوێت یان لێی دەسوێت ، بەواتایەکی تر ئەوشوێنەی گۆبێژی چەسپیوە، کەگۆبێژە بزێوەکەی لێ گیر دەبێ پێی دەوترێت (سازگەی دەنگ ) . بەم پێیە بێ سازگەی کۆنسنانتەکان بریتین لە

**أ– سازگەی لێوی :**

لەزمانی کوردیدایدا ئەو دەنگانەن کەهەردوو لێوەکان بەشداری لەدرکاندنیاندا دەکەن ، بەوەی کەلێوی سەرەوەو خوارەوە بەتەوای پێکەوە دەنوسێن ، لەدەربڕینی دەنگی (ب،پ ) دوای پێکەوە نوسانی لێوەکان هەوا بۆماوەیەکی کورت دەگیرێت ، دواتر ڕێڕەوەکە دەکرێتەوە ، هەواکە وەك تەقینەوەیەك دەردەچێ . بەلأم لەدەربڕینی (م ) دا دوای پێکەوە نوسانی لێوەکان ، لێوەکان ناکرێنەوە ، واتا ڕێڕەوی دەم ناکرێتەوە ، بەمەش ڕێگای چونە دەرەوەی تەوژمی هەوا ، لا دەدات و بەلووتدا دەچێتە دەرەوە . وەلە دەربڕینی (و – W) دا لێوەکان پێکەوە نانوسێن ، بەڵکو بەرەو پێشەوە خڕدەبنەوە .

**ب– سازگەی ددانی :**

ئەم دەنگانەن کە بەهاوبەشی ددانەکانی سەرەوە لەگەڵ لێوی خوارەوە دەدرکێنرێن ، کاتێك کەلێوی خوارەوە لەددانەکانی سەرەوە گیر دەبێت . وەك (ف،ڤ )

یا نووکی زمان لە ددانەکانی سەرەوە کیر دەبێت .وەك لە (ت،د )

**ج– سازگەی پووك ددانی :**

ئەم دەنگانەن کەنووکی زمان لەددانەکان و پووك گیر دەبێت و دەگەڕێتەوە دواوە ، ئەم دەنگانە بریتین لە (ت،د)

**د– سازگەی پووکی :**

لەدرکاندنی ئەم دەنگانەدا نووکی زمان یان پێشەوەی لەپووك گیر دەبێت . وەك لەدەربڕینی دەنگی (س، ز،ن،ل،ڕ ) .

**هـ– سازگەی پووکە مەلأشوویی :**

ئەم دەنگانە دەگرێتەوە کە بەهۆی گیر بوونی پێشەوەی زمان لەپووك و مەلأشوو دەدرکێنرێن ، بەمەش ڕێڕەوێکی زۆر تەنگ بۆ هاتنەدەرەوەی هەوا دەمێنێتەوە بەلأم هاتنە دەرەوەی هەوا ماوەیەکی کەم دەوستێ ، چونکە (ج) لەدەنگە لێك دراوەکانە ، ئەمانەش لە بریتین لە (ج،چ ) .

**و– سازگەی ڕەقە مەلاشوویی :**

لەمانەشدا بەشی پێشەوەی زمان بەرز دەبێتەوە لە مەلاشووی ڕەق گیر دەبێت و ، بەم پێیەش ڕێگایەکی تەنگ بۆ دەچوونی هەوا دەمێنێتەوە ، هەروەك لەدرکاندنی دەنگی (ش، ژ ) . بەلاَم لەدەنگی (ی – y)دا ناوەڕاستی زمان لەڕەقە مەلاشوو گیر دەبیَ .

ناوەڕاستی زمان بەرز دەبێتەوە بەنەرمە مەلاشووەوە دەنوسیَ ، ڕێڕەوی هەوا بۆ ماوەیەکی کورت دەگیرێت و دواتر دەبێتەوە ئەم جۆرەیان بریتین لە (ك،گ، ) ، تێبینی ئەوە دەکرێت کە (ك) ، لەگەلَ (گ) ئەوەندە جیاوازیان نەبیَ ، تەنها ئەوەیە کە (گ) تۆزێك شوێنەکەی قولَترە لە ( ك ).

**ز– سازگەی نەرمە مەلاشوویی :**

ئەمانەش دوو جۆرن ، جۆرێکیان

کاتێك کە دواوەی زمان بەرەو مەلاشووس نەرم بەرزدەبێتەه ، پێوەنانوسیَ بەم جۆرەی کەڕێگا لەتەوژمی هەوا بگرێت ،بەلَکو هەواکە دەردەچیَ بەلاَم بەڕێڕەوێکی تەنگدا ئەمانەش بریتین لە(خ،غ )

**ح– سازگەی زمانۆکەیی :**

ئەم جۆرەش دواوەی زمان بەزمانۆکە دەنوسێت ، ماوەیەك ڕێڕەوی هەوا دەگیرێت و دواتر دەکرێتەوە ، بەمەش دەنگێکی تەقیو دەردەچێت ، ئەم دەنگەش بریتی یە لە (ق ) .

**ت– سازگەی هەوکی ( قورگی ) :**

ئەو دەنگانەن کە لەڕێڕەوی گەرودا ، تەوژمی هەوا کۆسپی دێتە بەردەم ، ئەو کاتە "دواوەی زمان شۆڕدەبێتەوەو دوور دەکەوێتە لەنەرمە مەلاشوو ، نەرمە مەلاشووش بەرەو دیواری دواوەی گەروو بەرزدەبێتەوەو دەرچەی لووت دادەخات ، بەمەش هەواکەلەزار دەردەچێت.ئەم دەنگانەش (ح، ع )

**ی– سازگەی ژێیی:**

کاتێك تەوژمی هەوای هاتوو لەسییەکان بە دەنگە ژییەکان تێپەڕدەبێت ، لێك خشانێك دروست دەبێت ، بەلاَم نابێتە هۆی لەرینەوەی دەنگەژێیەکان[4] لەئەنجامدا دەنگێك دروست دەبیَ ، ئەم دەنگەش بریتی یە لە (هـ ) .

---

[4] ئەگەر بێت و ئەو دەنگە (هـ ) لەرینەوەی دەنگە ژێیەکانی لەگەلَ دابوایە ، ئەوا بەیەکێك لەبزوێنەکان هەژمار دەکرا بەبیَ ئەوەش د. تمام حسان لە, کتابی (مناهج البحث اللغة ) لەلاپەڕە 103 دەنگی (هـ) بەژێدار داناوە.

## ـ بەپێی دەروازەی دەرباز بوونی هەوا :

دەروازەی دەربازبوونی كۆنسنانتەكانی زمانی كوردی دووانن یا ئەوەتە لەزارەوە دەردەچیٚ كەپێی دەوتریٚ كۆنسنانتی زاری یا ئەوەتا لەلووتەوە ، كەپێی دەوتریٚ كۆنسنانتی لووتی .

### أ/ دەنگە لوتیەكان nasal sounds :

ئەو دەنگانە دەگرێتەوە كاتێك تەوژمی هەوای هاتووی سییەكان لەڕێگای دەمەوە تەگەرەی دێتە پێش ، ئەویش بەهۆی نزم بوونەوەی مەلاشووی نەرم ، بەمەش دەروازەی زار دادەخرێت و دەروازەی لووت دەكرێتەوە ، هەواكەی لێوەدەردەچێت ، ئەمانەش (م،ن ) دەگرێتەوە .

### ب/ دەنگە زاریەكان Dral Sounds :

ئەو دەنگانە دەگرێتەوە كە تەوژمی هەوای سییەكان رێگای لووتی لێدەگیرێت ، بەبەرزبوونەوەی مەلاشووی نەرم بەمەش دەروازەی زار دەكرێتەوەو هەواكەی پێدا تێپەڕدەبێت ، ئەمانەش گشت كۆنسنانتەكان دەگرێتەوە جگە لە (م،ن ) نەبێت.

## *چەند سیمایەكی تری دەنگ:*

## دەنگ بە پێی سیمای هەوایی دەكرێتە سیٚ جۆر:

### أ/ دەنگە هەوایی یەكان .

ئەو دەنگانەن كەكاتی گۆكردنیاندا تەوژمی هەوای هەناسەیان( زەختی هەوا ) لە گەڵ دادەبێت , ئەوانیش بریتین لە دەنگە تەقیوەكان ( ب , پ , ت , د , ك , گ ) .

ئەمە لە كاتێكدا دەبێت كە ئەم دەنگانە لە سەرەتای وشە یا برگەدا دێن , كە لە كاتی دەبڕینیا ندا جۆرێك لە تەقینەوەیان لە گەڵدا دەبێت . وەك ( تەپ , پەڕ , گەڕ , دەم , .....)

### ب/ دەنگە ناهەوایی یەكان .

ئەو دەنگانەن كەكاتی گۆكردنیاندا تەوژمی هەوای هەناسەیان( زەختی هەوا ) لە گەڵ دانابێت , ئەوانیش بریتین لە دەنگە تەقیوەكان ( ب , پ , ت , د , ك , گ ) .

ئەمە لە كاتێكدا دەبێت كە ئەم دەنگانە لە كۆتایی وشە یا برگەدا دێن , كە لە كاتی دەبڕینیا ندا هیچ هەوایەكیان لە گەڵدا دەرناچێت .كە دەبنە هۆی داخستنی برگە , وەك ( هات , داك , سەگ , بەد , .....)

ج/ دەنگە بەستراوەكان .

ئەو دەنگانەن كەكاتی گۆكردنیا ندا تەوژمی هەوای هەنا سە لە گەڵیادا ئارەزوومەندانە یە , وا تە دە كریٚ تەوژمی هەوای هەنا سەیان( زەخ تی هەوا ) بدریٚتیٚ یا نا , ئەوانیش هەمان دەنگە تەقیوەكانی پێشووترن كە باسمان كرد .

## دەنگ بە پێی سیمای بەردەوامی دەكرێتە دوو جۆر:

مەبەست لە سروشتی بەردەوامی دەنگە لە ڕووی درێژكردنەوەی دەربڕینی دەنگە تا ئەو رادە یەی هەناسە رێی پیٚ دەدات .كە دەكرێت بە دوو جۆر .

***أ/ دەنگە بەردەوامەكان .***

ئەو دەنگا نەن كە توا نای درێژكرد نەوەیان تێدا یە بە گوێرەی ئەوەی كە هەنا سە ر ێی دەدات , ئەوانیش بریتین لە ( دەنگە خشۆكەكان ) , ( دەنگە لازاریی یەكان ) , ( دەنگە لوتی یەكان ) .

***ب/ دەنگە بەردەوامەكان .***

ئەو دەنگانەن كە توانای درێژكردنەوەیان نییە , واتە ماوەی دەربڕینیان كورتە , ئەوانیش بریتین لە ( دەنگ تەقیوەكان ) , ( دەنگە لێكدراوەكان ).

## دەنگ بە پێی سیمای خڕی دەكرێتە دوو جۆر:

***أ/ سیمای خڕی.***

ئەم دەنگانەن لەكاتی دەربڕینیاندا لێوەكان خڕدەبنەوە .

***ب/ سیمای خڕی.***

ئەم دەنگانەن لەكاتی دەربڕینیاندا لێوەكان پەرت دەبن .

## دەنگ بە پێی سیمای توندی دەكرێتە دوو جۆر:

***أ/ دەنگی توند .***

ئەم دەنگانەن لەكاتی دەربڕینیاندا ماسولكەكانی دەم كرژ دە بن . بە گ شتی ڤاوڵەكان بە دەنگی توند دادەنرێن .

***ب/ دەنگی نەرم .***

ئەم دەنگانەن لەكاتی دەربڕینیاندا ماسولكەكانی دەم خاو دەبـنەوە . بە گ شتی كۆنسنانیەكان بە دەنگی نەرم دادەنرێن .

## سیمای مەلاّشوێنراو:

سیمایەکی فۆنەتیکی یە , هەندێ دەنك لە زماندا وەریدەگرێت , کە بریتی یە لە بەرز بوونەوەی ناوەڕا ست و دواوەی ز مان لە کاتی گۆکردن یدا . بە مەش سیمای مەلاّ شوویی بە دەنگە کە دەبەخشێت, لەکاتێکدا ئەم دەنگە خۆی مەلاّشوویی نییە . بۆ نموونە لە کاتێك کە دەنگی [ س ] دەکەوێتە بەر کاریگەری دەنگی [ ڵ ] لە وشەی ( ساڵ ) دا , قەڵەو دەبێت . وە یا کاتێك کە دەنگی [ ت ] دەکەوێتە بەر کاریگەری دەنگی [ ڵ ] لە وشەی ( تاڵ ) دا , قەڵەو دەبێت . ئەم دەگانە خۆیان سازکەی بنەرەتیان مەلاّشوو نییە , بۆ نموونە [ ت ] کە سازگەکەی ددانی یە , دوای ئەوەی دەنگی دراوسێ [ ڵ ] کاری تێدەکات بەر مەلاّشوو دەدرێت و سازگەیەکی تریشی بۆ دروست دەبێ کە مەلاّشووە .

تێبینی: هەرچەندە قەڵەوی سیمایەکی فۆنەتیکی یە, لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیان و .....,
بەلاّم لە شێوەی هەولێر سیمایەکی جیاکەرەوەشە , وەك ( کەل = کەڵ )
کەل ...... ( دارەکە دوو کەلە )
کەڵ ..... ( کەڵە پیاوە )

## ڤاوڵەکانی زمان :

زمانەکان لە بەکارهێنانی ژمارەی ڤاوڵەکاندا جیاوازیان هەیە, زمانی کوردی هەشت ڤاوڵ بەکار دێنێت ( ا , ە , و , وو , ۆ , ی , ێ , بزرۆکە ) هەروەها لە چۆنیەتی گۆکردن و دیاریکردنی شوێنی ڤاوڵەکانیش جیاوازن . هەرچەندە ڤاوڵەکان سازگەی دیاریکراویان نییە , بەلاّم بە هۆی چەند بنەمایەکی ترەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی شوێن سازگەیان دیاری بکرێت و ئەویش بە هۆی دوو جولانەوەی زمان دەبێت لە بۆشایی زاردا . کە ئەوانیش ( جولەی ئاسۆیی و جولەی ستوونی ) زمانن .

## درێژی دەنگ :

ئەو پێویستی یە زەمەنیی یە لە کاتی دەبڕینی دا دانەیەکی زمانی دەیخایەنێ ( ئەو زەمەنە یە کە دەنگێك تیایدا بەردەوام دەبێت لە کاتی دەربڕینی دا ) .
دەنگەکانی زمان لە رووی درێژیی یەوە جیاوازن , ئەو جیاوازیەش بۆ مەبەستی زمانەوانی بە کاردێت , بۆ شیکردنەوەی زمان , کە زمانەکان هەموویان وەکو یەکن لەم جیاوازیانەدا .

## جیاوازی زەمەن لە ڤاولەکاندا :

ج یاوازی زە مەنی دەربڕی نی ز مان , لە ڤاولەکا ندا شتێکی باوە , بەڵام ئەو جیاوازی یە لە کۆنسنانیەکاندا باو نییە . لە هەندێ زماندا سوود لە کورتی و در ێژی ڤاو لەکان دەبی نرێ وەك لە کوردیدا سوود لە در ێژی ڤاو لەکان دەبی نرێ , کات ێك زە مەنی ڤاوڵ لە زە مەنی ئا سایی خۆی تێدەپەرێ , کە لە زۆربەی زمانەکاندا دەبێ بە ڤاوڵێکی تر , وەك لە کورد یدا ئە گەر ڤاوڵی ( و ) درێژکرایەوە وەك ( کوڕ ) بو بە ( کووڕ ) ئەوا واتای وشەکە دەگۆڕێ بۆ ( پشت چەماوە )

تێبینی: بە گشتی دەنگی ڤاوڵ لە کۆ تایی و شە در ێژ ترە لە ڤاوڵی سەرەتاو ناوەڕا ست وەك لە وشەی( دارا ) ڤاوڵی کۆتایی درێژترە, چونکە هیچ بەربە ستێکی لە دوا نی یە کە بیوە ستێنێ وا تە ( بەڕەڵایە ) بە واتا یەکی تر دواوەی چۆلە . کە چی ئەوەی سەرەتا بەربە ستی بە دواوە یە کە دەنگی ( ر ) ە .

جگە لەمە هێزیش کار لە درێژی ڤاوڵ دە کات لە هەمان و شەدا ڤاوڵی کۆ تایی هـ ێزدارە ( هـ ێزی سەرەکی بڕگە دەکەوێتە سەر ڤاوڵی بڕگەی کۆتایی وشە ). کەچی ڤاوڵی سەرەتا هێزدارنییە .

جگە لەمانە ژینگەی دەنگیش کار لە درێژی و کورتی ڤاوڵ دەکات , ئەگەر دەنگێ کی کورت کەو تە سەر دەنگێکی درێژ ئەوا کورتی دەکاتەوە , بە پێچەوانەوەش .

کۆنسنانتەکانیش بە پێی دەربڕنیان زەمەنی کورتی و درێژیان تێدەکەوێت , بۆ نموونە لە عەرەب یدا ( م ) لە وشەی ( نام )کە لە دوای ( ا ) درێژترە لە ( م ) لە وشەی ( نوم ) کە لە دوای ( و ) , وە ئەمیش درێژترە لە ( م ) سەرەتا لە وشەی ( موت ) . کە ئەمانە بە پێی ژینگەی دەنگیان گۆڕان لە زەمەنی ڤاوڵدا تیایاندا رویداوە .

## – پۆل کردنی ڤاوڵەکانی زمانی کوردی :

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بەوەکرد کە ڤاوڵەکان ، ئەو کەرتە دەنگیانەن ، کەلەکاتی دروست بونیاندا ،ڕێگا لەتەوژمی هەوا ناگیرێت و هیچ تەگەرەیەك نایەتە بەردەمیان . وەڤاوڵەکان ژمارەیان هەشت ڤاوڵە / ا،ە، بزرۆکە ، و،وو،ۆ،ی، ێ / هەر هەمووشیان ژێدارن ، "لەبەرئەوە کاری دەنگە ژێیەکان و شێوازی وتن ناتوانن ببنە بنچینەی دابەش کردنی بزوێنەکان " ی زمانی کوردی ، لەبەرئەوە ، ئەوەی لەپۆل کردنی ڤاوڵەکان بەبنەمای دادەنێین هەڵوێستی زمان و باری دەنگەکانە کەدەکرێن بەدوو بەش

## هەڵوێستی زمان :

زمان دوو هەڵوێستی هەیە (جولەی ستونی ، جولەی ئاسۆیی ) بۆئەمەش بەپێی هەردوو هەڵوێست یا جوولە ، ڤاوڵەکان پۆلین دەکەین

## A/ جولەی ستونی زمان :

کەجولەی (بەرز، نزم ، ناوەند) دەگرێتەوە :

**أ–ڤاوڵی بەرز :**

ئەمانە پێشیان دەڵێن ڤاوڵی داخراو ، ئەو ڤاوڵانە دەگرێتەوە ، کەلەکاتی درکاندنیان[5]، بەشێك لەو بەشانەی زمان ،لەبەرزترین ئاست دایە بەرامبەر بەسەقفی(بنمیچ) زار ، واتا بەسەقفی زارەوە دەنوسێن . هەربۆیەش پێیان دەوترێت (ڤاوڵی داخراو) کەلە زمانی کوردیدا ئەمانەن (ی، وو )

**ب–ڤاوڵی نزم :**

کەپێشیان دەوترێت ڤاوڵی کراوە ، لەم ڤاوڵانەشدا بەشێك لەزمان لەنزمترین ئاست دان وەك ئەم ڤاوڵە (ا )

**ج–ڤاوڵی ناوەڕاست :**

ئەمانە ئەو ڤاوڵانەن کەبەشەکەی زمان لەنێوان بەرزو نزم دایە وەك (ۆ،و،ێ ، بزرۆکە ، ە ) بەڵام هەندێ لەم ڤاوڵانە بەتەواوی لەناوەڕاست نین ، بەڵکو هەندێ لەمانە ، بەپێی ئەوەی کە ئەو دەنگە وەك بڵێین جمکی ڤاوڵە بەرزە یا نزمەکەیە ، کەلێی نزیکترە وەك :

ڤاوڵی نزیك لەبەرز / (و ، بزرۆکە )

ڤاوڵی نزیك لەنزم / (ە )

## B/ جوولەی ئاسۆیی زمان :

کە جوولەی ئەوبەشەی زمان دەگرێتەوە کە بەرز یا نزم دەبێتەوە کەدەکرێن بەسێ بەش (پێشەوە ، ناوەڕاست ، دواوە)

**أ– ڤاوڵەکانی پێشەوە:**

ئەم ڤاوڵانەن کەبەهۆی بەرز بونەوە یا نزم بونەوەی بەشی پێشەوەی زمان بەرامبەر بەمەلاشووی ڕەق دروست دەبێ کەئەمانەن (ی، ێ)

---

[5]- بڕوانە هەنگاوەکانی داهاتوو لە جووڵەی بەشی (پێشەوەو ناوەڕاست و دواوە) ی زمان.

**ب- ڤاوڵەکانی دواوە :**

ئەم ڤاولاّنەن کەبەشی پێشەوەی زمان بەرزو نزم دەبێتەوە بەرامبەر بەمەلاّشووی نەرم (وو، ۆ)

**ج- ڤاوڵەکانی ناوەڕاست :**

ئەم ڤاولاّنەن کەبەشی ناوەڕاستی زمان بەرز یا نزم دەبێتەوە کەبریتین لە / بزرۆکە ، ا،ە،و /

## بنەمای درێژی و کورتی دەنگەکان:

بەپێی ئەم بنەمایە ڤاوڵەکان بەپێی درێژی و کورتی ئەو کاتەی کە دەنگەکانی تێدا دەردەکەوێت پۆل دەکرێت.

**أ/ ڤاوڵە کورتەکان:**

ئەو ڤاولاّنە دەگرێتەوە کەماوەی کاتی درکاندنیان کورتە ئەمانەن (ە ، ۆ ، بزرۆکە)

**ب/ ڤاوڵە درێژەکان**

ئەو ڤاولاّنەن کەماوەی کاتی درکاندنیان درێژترە وەك ئەوانی تر . ئەمانەش بریتین لە (ا، ۆ ، وو،ی،ێ )

چەندین بنەمای تر هەن کەبەهۆیانەوە ڤاوڵەکانی زمانی کوردی پۆل دەکرێت وەك خڕبوونەوە و پەرت بوونی لێوەکان[6] وە کراوەیی و داخراوی دەم یا خاوی و توندی ، بەلاّم ئەوانەی کە باسمان کردن بنەمای سەرەکین بۆ پۆل کردنی ڤاوڵەکان ، چونکە هەر زمانەوانێ لەهەر زمانێکدا ڤاوڵەکانی پۆل کردبێت ، لەنێو بنەماکانی پۆل کردنی ئەم سێ بنەمایەی کەباسمان کردن ، کراوەتە پێوەر بۆ پۆل کردنیان .

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە ، ئەم ئەم سیمایانەش لەڕیزی سێ سیماکەی باسمان کردن دادەنێین لەدیاری کردنی سیماکان بۆ هەر ڤاولێك .

[6] لێوخربوونەوەوکرانەوەی دەم سیمای فۆنەتیکی ئەم دەنگانەن هەروەك ((لێو خرکردنەوە یا نەکردنەوە سیمایەکی جیاکرد نەوە نی یەو بەیا سایەکی گشتی پێش بینی دەکرێ لە کوردیدا)) بەلاّم بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی فۆنیمەکان ئەم سیمایانەش دەخەینە بەرچاو .

**وو**

+ بەرز
ـ ناوەند
ـ پێشەوە
ـ ناوەڕاست
ـ کورت
+خڕبوو

**و** [7]

- بەرز
+ ناوەند
- پێشەوە
+ ناوەڕاست
+ کورت
+خڕبوونەوە

**ۆ**

- بەرز
+ ناوەند
ـ پێشەوە
ـناوەڕاست
ـ کورت
+خڕبونەوە

**بزرۆکە**

− بەرز
+ ناوەند
− پێشەوە
+ ناوەڕاست
+ کورت
− خڕبونەوە

**ا**

− بەرز
− ناوەند
− پێشەوە
+ ناوەڕاست
− کورت
− خڕبونەوە

**ە**

− بەرز
+ ناوەند
− پێشەوە
+ ناوەڕاست
+ کورت
− خڕبونەوە

---

7- لەم سیمایانەدا هەرسیمایەك بەرامبەریەکی هەیە، وەك (بەرزی بەرامبەر نزمی) (پێشەوە □ دواوە ) (کورت □ درێژ) (خڕبوونەوە □ پەرت بوون) (کرانەوە □ داخران).

| | |
|---|---|
| **ی** | + بەرز<br>− ناوەند<br>+ پێشەوە<br>− ناوەڕاست<br>− کورت<br>− خڕبونەوە |
| **ێ** | − بەرز<br>+ ناوەند<br>+ پێشەوە<br>− ناوەڕاست<br>− کورت<br>− خڕبونەوە |

**دابەش کردنی ڤاوڵەکان لەسەر زماندا لەم هێلکاریەدا**

